www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا16:47 28-6-2006

## تەنز ... پانۆراما10 ... ستیڤان شەمزینانی

### کورسییەکەی بەغداد



تۆ بڵێی یەکەمجار کێ کورسی دروست کردبێ؟ ئەی یەکەمجار کێ کورسی دەسەڵاتی ئاوا ڕازاوە کردبێ؟ ئاخۆ لەم دنیایەدا دەبێ لە کورسی خۆشەویستتر شتێکی دیکە هەبێ؟ لەم ڕۆژهەڵاتەدا دەبێ هیچ شتێک هێندەی کورسی خەڵکی لەپێناودا تیاچووبێ؟ دەبێ کورسی خۆی چی بێ؟ ئەی کورسی دەسەڵات؟ ئەی جیاوازیی کورسی ئاساییو کورسی دەسەڵات لە چیدایە؟ کورسی ئاسایی هەموو کەس لەسەری دادەنیشی و لەوانەیە تۆ تەنیا چەند خولەکێک لەسەری دابنیشیت، بەڵام کورسی دەسەڵات هەموو کەس لەسەری دانانیشی و ئەوەشی لەسەری هەڵنیشت هەروەک مریشک کڕدەکەوی و هەڵسانەوەی بۆنییە.

ئەم ڕۆژانەش لە عێراق شەڕ، شەڕی کورسییە، هەندی کەس بەدزی و فەرهود یەک دوو کورسییان لە پەرلەمانە عەنتیکەکەی بەغداد مسۆگەر کردووەو هەندێکیش هێندەی کورسی پاشتێلانەیەک، بەڵام لە هەمووی گرنگتر کورسی عەرش و دەسەڵاتی سیادییە، کوردیش دەیەوی یەکێکیان بکاتە نێچیری خۆی و کاندیدەکەمان لە بناری قەندیلەوە وەرچەرخی بۆ کۆشکی کۆماریی.

بەڵام ئاخۆ شۆڕش و بەرخۆدان و ئەو هەموو قوربانییەمان لە پێناوی عێراقدا بوو یان کوردستان؟ ئاخۆ کورسی پەرستی و دەسەڵات پەرستی کوردستانی لەبیر نەبردوینەتەوە؟ تکایە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و سەرجەم گەلی کوردی ڕوون بکەنەوە ئێوە کوردایەتیان کرد یان عێراقچێتی؟.

### نۆبڵ و سیستانی

سەردەمانێک هەموو گەلانی عێراق دەستیان لە خوێنی یەکتردا سوور بوو پیاوێکی فریشتە ئاسا هات هەموویانی کردە برای گیانی بەگیانی! سەردەمانی دیکتاتۆری هەبوو لە بەغداد ویستی بەگازی کیمیایی لە کورد بدات هەر ئەم پیاوە دەستی گرتوو پەشیمانی کردەوە، سەردەمانێکی تر زیل و شۆفلی ئەنفال ئارەزووی بوو 4500 گوندو 182هەزار کەس لەناوبەری هەر ئەم کابرایە بووە فریادڕەسی گیان و ماڵی ئەو هەموو کوردە! سەردەمانی 3 ملیۆن کورد ئاوارە بوون ئەم پیاوە بەچەشنی بابا نوئێل خۆشەویستی و بەزەیی و یارمەتی بەسەر ئەو هەموو ئاوارەیەدا دەبەشیەوە.

ڕۆژگاری هەبوو خەڵکی ئەم وواڵتی عێراقە ستەمیان لێدەچۆرا بەڵام پیاوێک هەبوو ئامێزی بۆ سەرجەم ستەملێکراوان کردبۆوە! ئێستاش ئەم پیاوە نورانییە دەیەوی کوردو سوننەکانی بکاتە برای یەک و موو بە نێوانیاندا نەچی!

بەڵام ئایا ئێوە دەزانن ئەم پیاوە کێیە؟ حەیاتم ئەو پرسیارەی بۆ چییە ئەوە مەلا عەلی سیستانیە ئێرانییەکەیە و بڕایەوە، بەڵام ئەمەیان گرنگ نییە ئەوەی گرنگە ئەم مامۆستا مەلا سیستانییە پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی نۆبڵ.

بۆیە لە سەرەتاشدا ئەم شێرو ڕێوییەم بۆ هێنایەتەوە تا نەڵێی ئەم کابرایە چی کردووە تا خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، تەنانەت ڕاگەیاندن شەرمەزار بی ئەم نیلسۆن ماندێلا گەورەیە لە عێراقدا هەیەو تا ئێستا وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی بڵاونەکراوەتەوە.

دەی یاڕەبی مامە سیستانی گیان ئەو نۆبڵە شازەت پێشکەش بیو هەر لە خۆت جوانەو لایەق بەخۆتە، لەوە زیاتریش نەک نۆبڵ سەری تۆی بەرزکردەوە تۆ سەری نۆبڵ و خەڵاتەکەیت بەرزکردەوە.

### کۆنگرەی عەرەبی

ئەوەندەی تێبینیم کردبێ هیچ کەسێک وەک عەرەب ناوی نەتەوەکەی وەک پاشگر ناخاتە دوای هەموو وشەیەکەوە، لە بۆ نمونە یەکێتی عەرەب، نیشتمانی عەرەب، نەوتی عەرەب، سۆزانی عەرەب و تاد.. ، لەناو ئەو هەموو شتەی عەرەبدا کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیش هەیە

کە هەرئەوەندە دەزانی کۆمەڵی شای پاسەوانی چاڵە نەوتەکان و چوار پێنج دیکتاتۆری چاو زەق و هەشت نۆ کۆنە مولازمی سوپا کە بەکودەتا چونەتە سەر حوکم کۆدەبنەوە بەحیسابی خۆشیان دەیانەوی لە رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بکەن بە ماستی مەبو.

بەڵام ئەم برادەرانە خۆشیان نازانن بەچی دەست پێدەکەن و چۆنیش کۆتایی پی دێنن؟ سەرەتا بە بوختان و غەیبەت و دژایەتی ئیسرائیل دەستپێدەکرێت و دواتر بە شەڕە جنێوو چەپۆک لەیەکدان و چەمەڵە لەیەکتر گرتن کۆتایی پێدێنن؟ ئەوا برا عەرەبە چاوڕەشانەمان لە خوا بەزیادبی لەسەر هیچ شتێک ڕێک ناکەون بە تایبەتی ناوی (فلوس) ی تیابی جگە لەوەی تەنیا لەوەدا یەکن کە بەدەستێکی پۆڵاین دژی گەلانی نا عەرەبی ناو وڵاتەکانیان شەڕ بکەن و دژی شەپۆل و تەوژمی دیموکراسی بوەستن لە ناوچەکەدا.

ئەمجارەش بڕیاریاندا بە ئیزنی خوا لە دژایەتی ئیسرائیل هەتاهەتایە بەردەوام بن و دژی دیموکراسی خۆرئاوای مەلعون بوەستن و پارێزگاریی لەدابی بەداوەت و ئەعرابی خۆیان بکەن.

بەڵام گەلی برادەرینە گەر ئەمە حاڵی حکومەتە مەدەنی و ڕاقییەکانیان بی دەبی چاوەڕێی چی لە کۆمەڵەی ئەبوتەبەرو مەرجەعی قوم و پاشماوەی سەدامییەکان بکەین کەوا بەنیازین لە (عێراقی هیواو ئاشتی) دا لەگەڵیان بژین.

## حیزبی نوی

جاران خەڵک کە سوێندیان دەخوارد دەیانووت بە (44) هەزار پێغەمبەر قەسەم، بەڵام ئێستا دەڵێن بەسەری هەر 140 سکرتێری حیزبە کوردستانییەکە. حیزبی وا دروست بووە ناوەکەی سی ساڵی دەوێت تا فێری دەبیت و حیزبی دیکەش هەیە چەپ و ڕاست و ئاین و عیلمانیەتی ترشاندووە بەسەر یەکداو لەبۆتەی عەقڵی ڕەسەنی کوردیدا نایابترین باسوق و سجوقی لی دروست کردووە (لە دەمتاندا شیرین بی) .

برۆ سەرژمێرییەکەی مەیدانی حیزبەکان بکە بزانە لەو سلێمانییە بچوکەدا کە ئەمسەرو ئەو سەری 15 دەقیقە ڕێیە بەقەد هەموو وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا حیزبی تیایە یان نا؟ ئەگەر بە ژمارەی حیزب بوایە ئێستا کوردستان لە قۆناغی کۆتایی مێژوو و میتاپۆست مۆدێرنەشدا بوو! ڕەنگە هەسارەیەکی ترمان بۆ ژیان بدۆزیبایەتەوە! لەم ماوەیەشدا کوڕی بێوەژنێکی دراوسێمان بەڵێنی دابوو بە دایکی گەر لە زانکۆی ئایندە وەرنەگیرا و نەبوو بە پارێزەر ئەوا یەکسەر بڕیاری دروستکردنی حیزبێک دەدات هەر لە پسمام و خاڵۆزاو برادەرەکانی خۆی، دایکی لە نانەواخانە بە شاگردەکانی وتبوو پەیوەندیی بکەن بە حیزبەکەی (.. ) ی کوڕم و بەخوا لە نانەوایی ڕزگارتان دەکات، بڕواتان هەبی منیش بزانم وایە لە بەیانی زووتر نییە پەیوەندیی بە حیزبەکەیانەوە دەکەم، بەڵکو ئی منیشی لەم نووسینەوە و ئەرزو حاڵچییە رزگارم بێت.

## ڕێزلێنان

ئەم دەسەڵاتە کوردییە ساوایە بە حوکمی ئەوەی هێشتا گەورە نەبووەو عەقڵی کەماڵ نەبووە ئاساییە زۆر شتی سەقەت بکات و خواش هەڵناگری هەروەک چۆن منداڵی ساوا لە ساتی گاگۆڵکەدا پیاڵە دەشکێنی و شووشە لەت دەکات و دەسکی دەرگا دەردێنی ئەم حکومەتەی لەمەڕ خۆشمان ئەم شتانەی هەبووەو هەیەو تا ئەو کاتەی ئەگەر ئیفلیجی منداڵ لێی نەدات و ساڵانە بیکوتن گەورە بی و تاڕادەیەک عەقڵی بەدنیا بشکی.

هەر لەچوارچێوەی ئەو گاگۆڵکەیەدا حکومەت بڕیاری ڕێزلێنانی نووسەرو رۆشنبیرانی هەموار کرد، هەرچەندە ئەم بڕیارە گەلێک پۆزەتیڤ بوو بەڵام خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە چەندین ساڵە لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا ڕێز لە رۆشنبیران نەگیراوە، خۆ ئەگەر وانییە ناوی یارمەتیو کۆمەکەکە ڕێز لێنان نەدەبوو.

بەهەمەحاڵ، بەڵام لەولاوە دەبینی ماستاوچییەکان و ئینشا نووسەکان کردوویانە بە هەراو ئەو ڕێزلێنانەیان کردووە بە شانازی و مەکرەمەو کۆڵەکەی عەولا و شەو رۆژ دەیڵێنەوە و بەمنەت بەسەر نووسەران و رۆشنبیراندا دەفرۆشرێتەوە بیئەوەی هێشتا یەک موچەش وەرگیرابی و پارەکەش پارەی ئیف و بەلاشی ئەمریکایەو حکومەتەکەی ئێرە پیاوەتی بەسەر ئاوی حەمامەوە دەکات، ئەمە جگە لەوەی لیستەکە تژیەتی لە کۆنە بەعسیو پەیامنێری هاوکاری و کادیرە دڵسۆزەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوکی ڕەحمەتی.

ئەوجا لەوە بگەڕێن ڕێزلێنان بە گۆترەیەو پیاوە پیرەکان کە بەشێکی زۆریان هەر هیچ نەبی شتێکیان بۆ قادسییە یان حەتین یان سەرۆکی فەرماندە نووسیوەو وتووە لە پێشەوەی لیستەکەن و بگرە سەرقافڵەن.